# هەفتەنامەی فیدراسیون

ژمارە 2

هەفتەنامەی فیدراسیون ، بلاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی

19 تشرینی دووەمی 2007


## کاروچالاکیەکانی کەمپەینی فیدراسیون بۆ داکۆکی کردن لە پەنابەرانی کوردی عیراقی



### خۆپیشاندان و چالاکیەکانی فیدراسیون لە وولاتانی بەریتانیا ، سویسرا ، سوید ، ئەلمان ، کوردستان

- § ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیەکانی بەریتانیا پیشوازی لە کەمپەینی فیدراسیون دەکەن !
- § سێ پەنابەر لە مەترسی دیپۆتکردنەوە بۆ کوردستان ڕزگار دەکرێن !
- § بەردەم ڕێکخراوی کۆمسیونی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لەبەریتانیا دەکریتە مەیدانی نارەزایەتی دەبرینی پەنابەران !
- § دەزگاکانی ڕاگەیاند پێشوازیان لە کەمپەین و چالاکیەکانی فیدراسیون دەکەن لە سویسرا !
- § خۆپیشاندانی پەنابەران وەزارەتی کاروباری پەنابەری ناچار بە پاشەکشە دەکات !
- § رادیوێ فیدراسیون بلندگۆی دەنگی پەنابەران !

لەئێمە بەهۆی دۆخی نالەبارو نائەمن وتیرۆرو ئیرهاب ونەبوونی ماف و ئازادیەکان وپیداویستە سەرەتایەکانی ژیانی ڕۆژانەوە ناچاربوون بەوەی کە ڕووبکەنە هەندەران و بەرەو ئایندەیەکی نادیار ملی ڕێ بگرنەبەر. لەلایەکی تریشەوە وەک هەموومان دەزانینین کەحکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان سەرمەستی سات وسەوداو مامەڵەی خۆیانن بەسەر ژیان وچارەنووسی ئەم ئینسانەوەو هەروەها حکومەتەکانی ناوچەکە دریخیەکیان نەکردوە لەئازارو ئەشکەنجەوسزادان و دیپۆرت کردنەوەو سەرکوتی هەزاران پەنابەر. ئەوەبا لەولاوە بووەستیت کە یوئێنیش لەکاتیکدا چاوپۆشی دەکات لە ژیانی و ئایندەی ئەم ئینسانانە کەبەسەر لاشەی ئەزایزانیاندا هەنگاویان ناوە تا گەشتوونەتە وولاتانی دراوسێ بەهیوای بەدەستهینانی سەرپەنایەکی ئەمن لەگۆشەوکەنارێکی ئەم جیهانەدا. بەلام ئەوەی کە تائیستە باسمانکرد تەنیا گۆشەیەکی واقیعەتی ژیانی پەنابەرانەو ئەم جیهانە دیوێکی تری پڕهیواشی هەیە .

بۆلایەرە 4

### کەمپەینی فیدراسیون و یەك هەڵوێستی ئینسانی

لەگەرماوگەرمی بەروپێشبردنی کەمپەینی ڕاوەستانەوە دژ بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی دا ، هەواڵێکی ڕاچڵەکێنەرو مەترسیدار گەشتە سکرتاریەتی فیدراسیون کەجێگەی هەڵویستەو بە دواچوونی هەموولایەکماندایە، کە هەواڵەکە بەم جۆرەبوو . لە کۆتای مانگی ڕابردودا کەشتیەک لە ئاوی ئیننن ی یوناندا کەبەرەو ئیتالیا کەتووتەڕێ سەرئەنجام بەهۆی پشکنینی پاساوانەکانی دەریاوە دۆزراونتەوە کەزیاتر لە 250 پەنابەری کوردوعیراقی تیدابووە کە بەگشتی بەیەزیدی ناسراون و بەشیکن لەو قوربانیانەی کەبەهۆی کارەساتی تیرۆریستی وهیرهابی چەند مانگی رابردووە نزیک بە هەزار ئەزیزیان لەدەستدا ، ئیستە هەر ئەم ئینسانانە بەهۆی کارەساتێکی واوە بۆ ماوەی دوو هەفتە لە سەخترین بارودخدا ژیانیان بەسەربرد بەهۆی لەکارکەوتنی کەشتیەکەیانەوە .دیارە کە ئەمە یەکەمجارو یەکەم کارسات و ڕووداوی لەوچەشنە نیە بەرۆک بە هەزاران پەنابەر دەگرێت . کەمنین ژمارەی ئەوپەنابەرانەی کەتائێستەش ئەزیزانینان عەودالی هەوال و پەیامیکیانن. کەمنین ژمارەی ئەوپەنابەرانەی کەبوونەتە خۆراکی ماسیەکانی دەریاو ئاسەواریک لەتەرمەکانیشیان بەدی ناکریت. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئاخۆ کێ بەتەنگ ژیان وچارەنووسی ئەم ئینسانانەوە دێت ؟کەدیارە ئەوانیش وەک زۆرێک ...

## خۆپیشاندان و چالاکیەکانی فیدراسیون دژبە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ کوردستان

لەدرێژەی کەمپەینی فیدراسیون سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەبارەت بە نائەمنی و ناجێگیری کوردستان و رتکردنەوەی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان، لەلایەن ولاتانی ئەورووپیەوە بەمەبستی نارەزایەتی دەربرین فیدراسیون کەمپەنێکی نیونەتەوەی راگەیاندووە زنجیرەیەک چالاکی دژ بە گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کودرستان لە ولاتە ئەورووپییەکان وکوردستاندا ئەنجامداوە کە ئەمەی خوارەوە گۆشەیەکی ئاماژە پێدراوی ئەو چالاکیانەیە :

### رێکخراوە سیاسی و پیشەیەکانی بەریتانیا پیشوازی لە کەمپەینی فیدراسیون دەکەن !

**بەریتانیا:**-1 سکرتاریەتی فیدراسیون بانگەوازێک ئاراستەی ئازادیخوازان وئینسان دۆستان و رێکخراوە پەنابەری و یەکیەتیە کرێکاریەکان دەکات لەولاتانی ئەوروپا بەمەبەستی راوەستانەوە وکاردانەوە بەرامبەر بەسیاسەتی گێرانەوەی بە زۆری پەنابەران بۆ کوردستان, ئەم نامەیە لەزۆرێک لە ماڵپەرو رۆژنامە کوردی و ئینگلیزیەکاندا بلاوکرایەوە .

-2 سکرتاریەتی فیدراسیون بەمەبەستی بەرگری کردن لەدیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانێک کە لە زیندان و گرتووخانەکاندا دەستبەسەرن لە بەریتانیا و سوید لەمانگی سێپتەمبەرەوە بۆ ژمارەیەک لەم پەنابەرانە پارێزەری گرتووە لە گرتووخانەکانی (کامسفیلد هاوس، کولن برۆک ، هامسۆرس ، دۆنکاسەر ، دۆڤەر ، ئۆکتن ...

### سێ پەنابەر لە مەترسی دیپۆتکردنەوە بۆ کوردستان رزگار دەکرێن !

=3 ئازادکردنی سێ پەنابەر لە مەترسی دیپۆت کردنەوە بۆکوردستان ،دوای ئەوەی کە تیکتیان پێدەدرێت بۆ گێرانەوەی بەزۆریان بۆکوردستان.

-4 سکرتاریەتی فیدراسیون پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوە پەنابەری وئینسان دۆست و کرێکاریەکان ولایەنەکانەوە دەکات بەمەبەستی راکێشانی پشتیوانیان بۆ کەمپەینی فیدراسیون دژ بە گێرانەوەی بە زۆری پەنابەران بۆ کوردستان. لەمبارەوە کۆبوونەوە گفتوگۆ لەگەل ئەم رێکخراوانەدا ئەنجامدراوە ( رێکخراوەی لیبوردنی نێودەولەتی، رێکخراوەی کۆمسیونی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەری ، کەمپەینی دژ بە راسیزم ، پەیمانگەی پەیوەندیە نژادیەکان ، کەمپەینی دژ بە نارندەوەی مندالان ، رێکخراوەی رفیوجی کانسل، رفیوجی لیگل سینتەر، یەکیەتی کریکاری PCS وT&G وکۆمەلەی رزگاری کرێکاران، رێکخراوەی NO SWEAT بەرەی نیشتمانی دژ بەگێرانەوەی بەزۆری پەنابەران، بەرەی دژی دیپۆتی پەنابەران بۆ عیراق ....

-5 چاوپێکەوتنی سکرتیری فیدراسیون وئەندامانی سکرتاریەت لەگەل ژمارەیەک لە رۆژنامە کوردی و ئینگلیزیەکان و دەزگاکانی راگەیاندن لەوانە رۆژنامەی گاردیان ، رادیۆ بی بی سی، سایتی واشنتۆن، کەنالی ئاسمانی PRESS TV وASO TV رادیۆ فیدراسیون لە ستۆکهۆلم و بلاوکردنەوەی ئاگاداری وهەواڵەکان لە ماڵپەرە کوردیەکاندا .

6 _ کۆبوونەوەی دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیون و ئاسۆ گۆران ئەندامی سکرتاریەت لەگەل بەرێز ( Jan Shaw ) بەرپرسی کاروباری پەنابەری لە رێکخراوەی لیبوردنی نیودەولەتی سەبارەت بەکێشەو گیروگرفتەکانی پەنابەران لە گرتووخانەی بەریتانیا. بۆ ئاشنابوون بە دەوری ێ پەنابەران دەکرێت راپۆرتەکەیان لەمبارەوە بخوێرێکخراوەی ناوبراو پشتگیری کردنیان لە ئازادی کردنەوە

/library/Index/ENGMDE140412007?o
http:web.amnsty.ogr pen&of=ENG-IRO

-7 کۆبوونەوەی سکرتیر فیدرتاسیون و ئاسۆ گۆران لەگەڵ بەرێز (Tim Finch ) لەلایەن رێکخراوەی رفیوجی کانسڵ سەبارەت بە کەمپەینی فیدراسیون دژ بە ناردنەوەی پەنابەران و هاوکاری و هاوپشتی رێکخراوەی ناوبراو. لەوبارەوە چەند کارێک خرایە دستوور لەوانە لە 20 / 11 بکرێتە رۆژێکی دیاریکراو بۆ بەرەدم رای گشتی سەبارەت بە پێشێلکاری مافەکانی ئینسان کە تیادا پەنابەرانی کورد بە کەلەپچەو فرۆکەی سەربازی رەوانەی کوردستان کرانەوە.

خۆپیشاندانی 9 / 11 لە لەندەن :

### بەردەم رێکخراوی کۆمسیونی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لەبەریتانیا دەکرێتە مەیدانی نارەزایەتی دەبرینی پەنابەران !

رۆژی 9 / 11 / 2007 فیدراسیون سەرتاسەری خۆپیشاندانێکی بردە بەدەرم بارەگای رێکخراوەی کۆمسیون بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەری ( UNHCR ) خۆپیشاندەران بە دورشمی عیراق نا ئەمنە ، کوردستان ناجێگیرەو نائەمنە، مافی پەنابەری مافی ئینسانە نا بۆ دیپۆرتکردنەوەی نا بۆ گرتوخانە دەستبەسەری پەنابەرانی عیراقی بەزمانی ئینگلیزی دەووتەوە . پاشان وەفدیکی خۆپیشاندانەکە پێکهاتبوو لە ( دەشتی جەمال ، سامان سەردەم، نوری بەشیر، کاران جۆنسۆن، ئاسۆ گۆران) چاویانکەوت بە بەرێز ( Brian Larkin ) لە رێکخراوی کۆمسیونی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران. هاوکات 5000 ئیمزای نارەزایەتی دەربرین کە خواستەکانی پەنابەرانی تیدابوو لەوانە ( راگرتنی دەستبەجێی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان، بەرەسمیەت ناسینی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کوردی عیراقی، ئازادکردنی زیندانیەکان) هەروەها هاوپێچ نامەیەکی سکرتیری فیدراسیون بۆ بەرێز ( بان کی مون ) سکرتیری نەتەوە یەکگرتووەکان تەسلیمکراو نوێنەری رێکخراوی ناوبراو رایگەیاند تەواوی ئیمزاونامەکان دەگەیەنێت بەشوێنی مەبەست ...

شایەنی باسە لەم خۆپیشاندانەدا نووێنەری کۆمەڵەی کوردی لە دۆنکاسەرو نوێنەری رێکخراوەی کەمپەینی دژی راسیزم وفاشیزم، کەمپەینی دژی ناردنەوەی مندالان، پەیمانگەی پەیوەندیە نژادیەکان، رێکخراوەی NO SWEATورێکخراوەی(No Borders) و نووێنەری چەندین رێکخراویتر لەشاری دۆن کاسەرەوە بەشداری کرد وپەیامی هاوپشتی خۆیان بۆ کەمپەینی فیدراسیون دژبە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد دووپاتکردوە .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەروەها لە خۆپیشاندانەکەدا پەیامنیری چەندین دەزگای رگەیاند ئامادەبوون و راپورتیان لە خۆپیشاندانە ئامادەکرد لەوانە ، چاودیر ، کوردستانی نوێ ...

## دەزگاکانی ڕاگەیاند پێشوازیان لە کەمپەین و چالاکیەکانی فیدراسیون دەکەن لە سویسرا !

**سویسرا:** لە چوارچێوەی هەمان کەمپەینی سەرتاسەری فیدراسیوندا یەکەی سویسرای فیدراسیون لە هەوڵیدا بۆ ڕێگرتن لەم بڕیارە ئەم کەمپەینەی ڕاگەیاندو تائیستا کۆمەڵێک کارچالاکی سەرکەوتووانەی ئەنجامداوە . لەوانە کۆبوونەوەی فراوان لەگەل لایەنە سویسریەکان وبیانیەکان، لەگەڵ ڕێکخراوە ئینسان دۆستەکان ،کۆکردنەوەی ئیمزا نارەزایەتی، چاوپیکەتنی بلاوکراوەی فۆرڤیرتەری سویسری لەگەل ئەحمد عەلی سکرتیری فیدراسیون و دوو جار لیدوان لەگەل ڕادیو نەواو ڕادیو شەبەنگ لە سوید، ڕۆژنامەی ئاوێنە، چاوپێکەوتنی ڕادیوی ئەمەریکا لەگەل جەمال کۆشش ئەندامی سکرتاریەتی فیدراسیون هەروەها بلاوکردنەوەی هەوالی خۆپیشاندانەکە لەڕۆژنامە سویسریەکاندا.

## خۆپیشاندانی پەنابەران وەزارەتی کاروباری پەنابەری ناچار بە پاشەکشە دەکات !

خۆپیشاندانی سویسرا / لە رۆژی 9 / 11 / 2007 بەبەشداری 150 کەس کە لە شارە جیاجیاکانی سویسراوە کۆووبوونەوە ، لە بیرنی پایتەخت خۆپیشاندانێکی سەرکەتووانە بەڕێخرا. سەرەتای خۆپیشاندانەکە لە هایگەر پلاتسەوە بەرەو وەزارەتی کاروباری پەنابەری بە دورشمی ( مانەوەو مافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی عیراقی، کوردستانی عیراق ئارامی ودلنیای تیانیە) کە بە زمانی ئەڵمانی دەگوترایەوە .

شایەنی باسە لە خۆپیشاندانەکەدا نووێنەری ڕێکخراوی سانس فرۆنتی ونوێنەری ڕێکخراوی ئاوگن ئاوف، بەشداری بوون. دوای گەشتنی خۆپیشاندەران بۆ بەردەم وەزارەت وەفدێکی فیدراسیون کە پیکهاتبوو لە ئەحمەد عەلی، جەمال کۆشش، ئیسماعیل شیخۆ ، بلاستەر گلات سکرتیر ڕێکخراوەی سانفرۆنتی وئەندام پەرلەمانی زۆریخ لەگەل وەزارەتی کۆبوونە... هەرەوەها وەفدی وەزارەتیش پێکهاتبوو لە بەرپرسی فایلی عیراقی وبەرپرسی بەشی پەیوەندیەکان کۆکردنەوەی زانیاری. پاشان وەفدی فیدراسیون لەسەر چەند خاڵی سەرەکی پیانداگرت کەبریتی بوو لەڕاگرتنی هەڵوێست وهێرشی دژی پەنابەری حکومەتی سویسراو بڕیارە تازەکانی سەبارەت بە کوردستانی عیراق و پەنابەرانی کوردستانی عیراق. نائارامی کوردستانی عیراق و ئەو ڕەوشە خراپەی سەرجەم حەڵکی کوردستانی تیادایە. هەروەها لەبەرچاوگرتنی هەل ومەرجی نالەباری پەنابەرانێک کە خەڵکی کوردستانی عیراقن و ڕەفزیان وەرگرتووە . دوای زیاتر لە سەعاتێک لەقسەوباس وەفدی وەزاەرت ناچار بوو کەبەڵێن بدەن ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەی پەنابەران کوردی عیراقی بدۆزنەوەو هیچ کەس بە زۆر نەنێرنەوە مەگەر کێشەیەکی زۆر تایبەتی بێ. هاوکات ئەوەشیان ڕاگەیاند کە ئیمکانی هەیە لە ئایندەدا ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەم بڕیارەدا بهێنرێت. هەروەها داوایانکرد کەسەردان و دیدارەکان بەردەوام بێت هاوکات نووێنەرانی فیدراسیونیان دڵنیاکردوە لەوەی کەسەرو خۆیان لەم کێشەو داواکاریانە ئاگاداردەکەنەوەو پاش تاوتۆێ کردنی بە ڕەسمی وەلامی فیدراسیون دەدەنەوە. لەکۆتایدا وەفدی فیدراسیون لەگەڵ دووپات کردنەوەی درێژەدان بە کەمپەینەکەی خۆی و بەردەوام بوونی چالاکیەکانی بۆ بەڕەسمیەت ناسینی مافەکانی پەنابەران، هاوکات زیاتر لە 500 ئیمزای نارەزایەتی کە لەلایەن چەند ڕێکخراو لایەنی سویسری وخەلکی نارازیەوە کۆکرابووە درا بە وەرزارەت. شایەنی باسە هەوالەکانی ئەم خۆپیشاندانە بەهۆی ژمارەیەک چاوپێکەوتنەوە لەگەڵ سکرتێری فیدراسیون ئەحمەدعەلی لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنا بلاوکرایەوە.

## رادیوێ فیدراسیون بلندگۆی دەنگی پەنابەران !

**سوید** : - هاوکات لەگەل راگەیاندنی کەمپەینی سەرتاسەری فبدراسیون دژ بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران، رادیۆی فیدراسیون لەشاری ستۆکهۆلم بەسەرپەرشتی بابان عوسمان، ئەندامی سکرتاریەتی فیدراسیون وسامالٚ دەرویش وهەلاڵە هەڵسوراوانی فیدراسیون هەموو ڕۆژانێکی شەممان بەرنامەی تایبەتیان لە پەیوەند بە کیشەی پەنابەران و ئەم کەمپیەنیەو بەمەبەستی ئاراستەکردنەو یەکگرتووکگردنی پەنابەران وهێنانە مەیدانیان ئامادە دەکرد.

- بەرپاکردنی سێ کۆبوونەوەی گشتی بۆ ئەندامانی فیدراسیون و دۆستانێکی هاوکار لە شاری ستۆکهۆلم بەمەبەستی ئامادەکردنی پەنابەران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران ڕوونکردنەوە ئەرک ومەهامەکانی فیدراسیون و لەڕاستای وەلامدانەوە بەکێشەی پەنابەران وبەسەرکەوتن گەیاندنی کەمپیەنەکەی فیدراسیون .

**نەرویج** : ئاراستەکردنی نامەی نارەزایەتی لە لایەن ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردستان و دەستەی چالاکی ڕۆشنبیری بۆ بالویزخانەی بەریتانیا لە نەریوج ، دژ بە گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد بۆ کوردستان .پەیوەندی کردنی **عمر ئەمین** ئەندامی سکرتاریەتی فیدراسیون بە ڕێکخراوی Sos Racism بەشی فریدریکستات هەروەها ڕێکخراوەی نیودەولەتی لەپەیوەند بە ناردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان. چاوپیکەتنی **عمر ئەمین** لەگەل رادیۆی فیدراسیون لەستۆکهۆلم لەپەیوەند بەکیشەی پەنابەران لەنەوریج بەتایبەت کێشەی mufکان.

**ئەلمان** : **عیرفان کریم** بەرپرسی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە ئەلمان بانگەوازیک بە زمانی عەەرەبی و مکوردی و ئەلیمانی ئارستەی ریکخراوە پەنابەری و ئینسان دۆست و یەکیەتیە کرکیکاریەکان و خەلکی ئازادیخواز دەکات بۆ بەهاناوە هاتن و بەرگری کردن لە مافەکانی پەنابەران .

کاروانی مافەکان بۆ پەنابەران و کۆچبەران و ریکخراوی گەنجانی بێ سنووری بەمەبستی نارەزایەتی دەربرین و پشتیوانەکردن لە کەمپەینی فیدرسایون، ڕاستەخۆ کەمپیەنیکیان سەرتاسەریان لەشارەکانی ئەلمیانیا ڕاگەیاندوە دژ بەناردنەوەی پەنابەران عیراقی کە تائیستا زنجیرەیەک چالاکی وهەڵسوڕانی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە. لەوانە دانانی چەند کۆڕو کۆبوونەوەیەک، دروستکردنی پۆستکارت، ئیمزا کۆکردنەوە ، پەیوەندی کردن بە یوئین و عفوی دوولی ، و ژمارەیەکی زۆر لە ریکخراوە ئینسان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆست وپەنابەرییەکان و راکێشانی پشتیوانەیان لەپێناوی داکۆکیکردن لەمافەکانی پەنابەراندا .

**هیلی ئاسمانی زاگرۆز دەبێت دەست لە گەرانەوەی پەنابەران هەلگرێت !**

- بەرپرسی ئەم کەمپینە بەسکرتاریەتی فیدراسیونی رایەیاند کە ئەوان تا ئێستا چەندین جار لەگەل هیلی ئاسمانی زاگرۆزدا کەوتوونەتە گفتوگۆ بەمەبەستی کۆتایهێنان بە فرۆشتنی بلیت بۆ گەرانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان . تا سەرەنجام رۆژی 16 / 11 / 2007 لە شاری فرانکفۆرت خۆپیشاندانیان لەبەردەم هیلی ئاسمانی زاگرۆرزدا بەرپاکرد بەمەبەستی دەست هەلگرتن لەهاوکاری کردنی حکومەتی ئەلمان ، کە دواخوازیەکانیان بریتی بوو لە :

1= هیلی ئاسمانی زاگرۆز رازی نەبن تیکت بفرۆشیت بە حکومەتی ئەلیمانیا بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران .2= دەست بەجی هەلوەشاندنەوەی هەر تیکتێک کە بۆ گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران فرۆشراوە هەلبووشینریتەوە .

**کوردستان : پەرلەمانی حکومەتی هەرێم دەبێت هەر رێکەوتنامەیەك لەپەیوەند بە دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کوردەوە هەلوشینەوە !**

هەر لەپەیوەند بەکەمپەینی سەرتاسەری فیدراسیونەوە بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی پەنابەران ، هاوکات لەگەل سەردانی سکرتیری فیدراسیون بۆ کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری چەندین چاوپێکەوتن لەگەل دەزگاکانی راگەیاندندا ئەنجامدراو هەروەها دیداری چەندین حزب و رێکخراوی سیاسی و پیشەی کرا . کە ژمارەیەکی زۆر لەو حزب و لایەنانە پشتگیری خۆیان بۆ کەمپەینی فیدراسیون راگەیاند. هاوکات لە یەکێک لەو دیدارانەکەدا کە سکرتیری فیدراسیون لەگەلّ بەرێز ( قادر عزیز ) سکرتێری حزبی زەحمەتکیشان ئەنجامدراو دوابەدوای پێشنیازیەکی گەرم لە سکرتیری فیدراسیون و داخوازیەکانی، بەلێنیدا کە نامە ئاراستەکراوەکەی سکرتیری فیدراسیون بەریتە نیو پەرلەمان بۆ تاوتویّ کردن وقسەوباسکردن لەسەری. شایەنی باسە لەو نامەیەدا کە ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان کراوە چەند داخوازیەکی گرتووەتە خۆ کەبەم شیوەیە: 1- ئەو پەنابەرە کوردانەی کە بەزۆر رەوانەی کوردستان دەکرێنەوە قبول نەکرێن. 2- هەر ریکەوتنیك ئەگەر کرا لەسەر وەرگرتنەوەی پەنابەرانی کورد هەلوشینریتەوەو بەرسمی رابگەیەنیریت. 3 – فرۆکەخانەی هەلپرێ نەخێرێتە خزمەت ئەو ولاتانەی کە بەنیازن پەنابەرانی کورد بەزۆر بنیرنەوە. 4 – گوشار بۆ ولاتە ئەوروپیەکان بهێنریّت لە رێگەی ( NUHCR ) کە ئەو گوشارە لەسەر پەنابەرانی کورد هەلّگیرێت لە ولاتانی ئەوروپادا.

**دەتوانن پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە**

**دەشتی جەمال**
d.jamal@ntlworl.com
**جەمال کۆشش:**
jamal-hasan@hotmail.com
**بابان عسمان:**
badasoz74@hotmail.com
**جاسم غفور :**
jasm_rg@yahoo.couk
**عمر ئەمین :**
omaramin8@hotmail.com
**ئاسۆ گۆران :**
asobalabarz116@hotmail.com
**سۆزان حسین :**
irakco@hotmail.com
**رێبوار عارف :**
fediraq@welho.com

**ناونیشانی پۆستی سکرتاریەت**

**IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK**

**هەفتەنامەی فیدراسیون بخوێنەوەو بیگەیەنن بەدۆستان وئاشنایانی دووربەرتان راپۆرت و هەوال و چالاکیەکانی خۆتانی بۆ بنێرن و پرسیارو پیشنیارەکانتان بخەنەروو بەدلنیاییەوە لەبەرچاویان دەگرین و وەلامیان دەدەینەوە !**

**دریژەی کەمپەینی فیدراسیون و یەك ئەرك و ..**

هەقیقەت ئەوەیە تەنیا هیوایەک کەهەبێت و بتوانێت گۆرانێک لە ژیانی ئەم ئینسانانەدا پێک بهێنێت دەوری بەرەیەکی تری ئینسانی و بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتیە کە دەتوانێت بالانسی هاوکێشەکان لەبەرژەوەندی پەنابەرانا بگۆریت! لەمبارەوە تەنیا چاوخشاندنێ بەلیستی ئەو رێکخراوانەی کەئەم رۆژانە پشگیری لە کەمپەینی فیدراسیون دەکەن دەتوانێت گۆشەیەک لەو راستیەبێت. خالێکی گرنگە لەمبارەوە دەوری رێکخراوێکی رێکخەرو رابەرە کەدایەنەمۆی لێکهەلپیکانی ئەم بزوتنەوە بێت.کەرەنگە کارەکانی تائیستەی فیدراسیون وتەرخانکردنی تەواوی وزەوتواناى سیاسی و مادی وتەشکیلاتی راستیەکی بەرچاوبێ بۆ نیشاندان ونمایشکردنی ئەورۆلە. بۆیە لەمبارەوە جیگەی خۆیەتی رووبکەینە هەر کەسانیکی ئازادیخوازو خاوەن هەلۆیستی کە بەتایبەت لەم قوناغەدا ژیان و چارەنووسی دەیان هەزار ئینسان داوامان لێ دەکات، بەدەرلەوەی کە لەکام گۆشەوکەناریکی ئەم دنیایەداین دەکریت گۆشەیەک لەکارەکان لە ئەستۆ بگرین و بەم کەمپەینەی فیدراسیونەوە پەیوەست بین ویژدانی ئینسانی خۆتان ئاسوودە بکەن بەوەی کە بێدەنگ نەبن لەبەرامبەر بەم هەموو ناعەدالەتی و نائیسانیەتەی کە دژ بە پەنابەران دەکرێ. ئەمرۆ هەزاران پەنابەری لە کەنار دەریاو لە کەمپ وزیندان و لەدووریانی دیپۆرت کردنەوەدان. ئەگەر بەتەنگەوە چوونی هەموو ئێمە لێکهەلّکیشن و لەریزی فیدراسیوندا خۆمان ریکبخەین بەدلنیای هەزاران ئینسانی وەک ئەو ئازایزانەی کەبۆ ماوەی دووهەفتە لەسەختترین باروودۆخدا ژیانیان بەسەربردوە لەنیو کەشتی و لەقولای دەریایەکی بێ دەرتاندا، ئەوکاتە بەتەنگەوە چوونی ئێمە دەبیتە دەروازەو دەرتانیکی گەورە بۆ رزگارکردنی ژیانی ئەو ئینسانانە. کەوانە کاتی ئەوەهاتووە کەجیاوا لەبوونی هەر بیروباوەرو ئاین و ئایدلۆژیاو سیاسەتێک قولی لیهلمالین وەک ئەرکیکی ئینسانی خۆمان بەبەرپرسیار بزانین لەبەرامبەر بەژیان چارەنووسی ئەزیزنماندا !

**رێبوار عارف 18.11.2007**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com